# راگەیاندنی کۆتایی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق







کۆنگرەی چوارەمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هینا. کۆنگرە سەرلەبەیانی رۆژی ١١ی شوبات دەستی پیکردو ئیوارەی رۆژی ١٣ی شوباتی ٢٠٠٨ کۆتایی پیهات.

لە کۆنگرەدا نوینەرانی ریکخستنو ریکخراوە جیاجیاکانی حیزب لە: بصرە، ناصریە، بغداد، حلە، سامرا، صلاح الدین، بیجی، کرکوك، سلیمانی و ناوچەی پشتدەر، هەروەها ریکخراوی دەرەوەی وولات لە بەریتانیاو سویدو فینلاندو کەنەدا.. ئامادەییان بوو. جگە لە نوینەران وەفدیکی رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی ئیران-حیکمەتیست بە سەرۆکایەتی هاوری رحمان حسێنزادەو ئەندامەتی هاورێیان ئەسەدی گولچین و صالح سەرداری کە بەرەسمی بۆ کۆنگرە دەعوەت کرابوون، ئامادەبوون. هەروەها هاوری ئازاد جەوهەر وەکو نوینەری کۆمیتەی ئامادەکار بۆ دامەرزاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان ئامادەی کۆنگرە بوو.

سەرەتا کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانبەختکردوانی ریگای ئازادیو سۆسیالیزم دەستی پیپکرد، پاشان ووتاری کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن هاوری ریبوار ئەحمەدەوە پیشکەشکرا، کە تیایدا جەختی کرد لەسەر پیویستی بیناکردنی حیزب و گەشەپیدانی وەکو حیزبیکی پتەو و بەهیزو یەکپارچەو کۆمەلایەتی کە توانای دەخالەتیکی چالاکی هەبیت لە وەزعی سیاسی ئیستادا، پاشان وتاری هاوری رەحمان حسینزادەو بەدوای ئەودا پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران-حیکمەتیست پیشکەش کران.

بەدوای ئەوانەدا کۆنگرە چووەسەر گویگرتن و پاشان بریاردان لەسەر راپۆرتی لیژنەی بالای سەرپەرشتی هەلبژاردنی نوینەرانی کۆنگرەو شەرعیەتدان بە نوینەران، دوای پرسیارو وەلامو هەلسەنگاندنی راپۆرتەکە، بریاری لەسەر شەرعیەتی نوینەراندا. پاشان کۆنگرە چووەسەر پەسەندکردنی پیرەوی ناوخۆ بۆ چۆنیەتی بەریوەچونی کۆنگرە و هەروەها پەسەند کردنی دەستوری کۆبونەوەکان و بریاری لەسەر ئەم دەستورەی خوارەوە دا:

١- راپۆرتو راپۆرتی سیاسی
٢- دوو باس "کۆنگرەی چوارەم، خەتی مەشی سیاسیو ئەولەویاتەکان" و "باسو بریارنامە دەربارەی بینای حیزبی سیاسی و جەماوەری".
٣- بریارنامە دەربارەی وەزعی سیاسی حیزب
٤- حیزبیەت و بریارو بریارنامەی ریکخراوەیی
٥- بریارنامە دەربارەی حیزب و ریکخراوە پیشەییو غەیرە حیزبییەکان و پەیوەندی نیوانیان
٦- بریارنامە سەبارەت بە ریگاچارەی کیشەی کەرکوك
٧- بریارەکان
٨- هەلبژاردن

سەرەتا هاورێیانی بەرپرسی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی هەلسوران راپۆرتی خۆیان لەبارەی کارو چالاکیەکانیان لە ماوەی نیوان دوو کۆنگرەدا پیشکەش کرد. پاشان هاوری سامان کریم راپۆرتیکی لە بارەی کیشەو گرفتەکانی بەردەم گەشەو پەرەسەندنی حیزب و گۆرانی بۆ هیزیکی بە توانا پیشکەش کرد. راپۆرتەکە بەو ئەنجامگیریە گەیشت کە لە دوو ئاستی هاوشان و هاوکاتدا هەنگاو هەلبگیری: بینای حیزب لە رووی فۆنکسیون و قانونمەندیەکانی کاری حیزبی لەلایەك و پەرەپیدانی دەوری سیاسی و کۆمەلایەتی حیزب و بەهیزکردنی ریزی چەپ و پیشکەوتنخواز لە کۆمەلگادا لەلایەکی ترەوە، هەروەها جەختی لەسەر پشتیوانی و بەهیزکردنی کۆنگرەی ئازادی عیراق و بەهیزکردنی ریزی بزووتنەوەی کریکاری و یەکخستنی ریزەکانی کرد. بەدوای راپۆرتەکان کۆنگرە هاتەسەر هەلسەنگاندنی راپۆرتەکان و هەلسوران لە مەیدانە جیاجیاکاندا و وەلامی ئەو پرسیارانە درایەوە کە خرانەروو.

پاشان کۆنگرە چوە سەر بەندیکی دیکەی دەستورەکەی کە بریتی بوو لە باسی بینای سیاسی حیزب، لەم بارەیەوە دوو باس لەلایەن هاوریانی ریبوار ئەحمەد و موئەیەد ئەحمەدەوە پیشکەش کران. ئەم دوو باسە لەلایەن ئامادەبوانەوە بەگەرمی درانە بەرباس، لە کۆتاییشدا هاورێیانی پیشکەشکەری باسەکان وەلامی سەرنج و تیبینی و پرسیاری ئامادەبوانیان دایەوە. بەندی دواتری دەستورەکە دەربارەی وەزعی سیاسی ئیستای عیراق بوو، لە دەوری بریارنامەیەك کە پیشتر خرابووە بەردەستی نوینەران، لە پیشدا هاوریان سمیر عادل و سامان کەریم باسیکیان پیشکەش کرد، پاشان باسەکان و بریارنامەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە درانە بەرباس، سەرئەنجام بریارنامەکە لەلایەن کۆنگرەوە پەسەندکراو هاوکات کۆمیتەی ناوەندی راسپیردرا کە ئەگەر لە دەقەکەیدا هەر ئالوگۆریکی بە پیویست زانی بیگونجینیت.

بە هۆی پیرانەگەیشتنی کۆنگرە بە بەندەکانی دیکەی دەستورەکەی، ئەودوای باسەکانی سپارد بە کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەوەی لە جیاتی کۆنگرە باسیان لەسەر بکات و بە پێی پیویست بریاریان لەسەر بدات. کۆنگرە سوپاس و تقدیری ژمارەیەك لە هاوریان و رابەران و کەسایەتیەکانی حیزبی کرد کە لە ١٥ سالی رابردوودا دەوریان لە رابەریکردنی حیزبدا گیراوە و لەم کۆنگرەیەدا بەو هۆیەوە کە ئەرکی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستانیان لە ئەستۆگرتوە، خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزب کاندید نەکرد. هەروەها تەقدیری دەوری ئەو هاوریانەی کرد کە بەشداریان کرد لە کاری ئامادەکاری عەمەلی و فەنی و ئەمنی کۆنگرەو سەرخستنیدا، کە بریتی بوون لە هاوریان " عەباس عزیز، عدنان مجید، شیرکو محمد، لقمان عوسمان، موفق حسن، ستار غەریب، محمد عزیز، رمەزان صابر، هەیسەم عەلی، ئازاد عەبدولا، ئازاد مەجید".

لە بەندی کۆتایی دەستورەکەدا پیش ئەوەی کۆنگرە بچیتە سەر هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، بەلگەنامەیەکی چەند بەندی سەبارەت بە مەوازین و ئیلتزاماتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پەسەند کرد، بە مەبەستی شکلدان بەرابەریەکی متەمەرکزو پتەو کە بتوانی بە راپەراندنی دەوری رابەری خۆی هەلسیت. پاشان بریار لەسەر ئەوە درا کە ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بیت لە ٢١ ئەندامی ئەصلی و ٥ ئەندامی ئیحتیات. لە ئەنجامی ەلبژاردندا هاورێیان "مقدام عبدالجبار، هەیسەم مهندس، رەمەزان صابر، عواد ئەحمەد، ماجد حمید، هلاله هادی، شمال علی، صبحی بدری، سامی حسن، فارس محمود، موئەیەد ئەحمەد، ئازاد ئەحمەد، خەلیل ئیبراهیم، محمد عزیز، کورش مدرسی، زمناکۆ عزیز، سمیر عادل، رعد سەلیم، ریبوار ئەحمەد، سامان کەریم، نادیە محمود" وەکو ئەندامانی ئەصلی کۆمیتەی ناوەندی و هاورێیان "دینا حسن، ئەحمەد عبدالستار، رشید ئیسماعیل، ئازاد مجید، حسن کلیدار" وەکو ئەندامانی ئیحتیاتی کۆمیتەی ناوەندی، هەلبژیردران.

رۆژی دواتر بە دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەدا پلنیۆمی ٢٠ی کۆمیتەی ناوەندی بەریوەچوو. دەستوری پلنیۆم بریتی بوو لە: هەلسەنگاندنی کۆنگرە، حیزبیەت، بریارو بریارنامە ریکخراوەییەکان، ئەولەویاتە عەمەلیەکان، ئەو بریارو بریارنامانەی کە کۆنگرە سپاردبونی بە پلنیۆم، وە هەلبژاردنی مەکتەبی سیاسی.

لە بەندی هەلسەنگاندنی کۆنگرەدا، پلنیۆم تەئکیدی لەسەر سەرکەوتوییو دەسکەوتەکانی کۆنگرە کردەوە بە تایبەتی لەرووی جەختی لەسەر بیناکردنی حیزب وەکو حیزبیکی سیاسی بەهیزو پەرەپیدانی دەوری و هەروەها جەختی لەسەر پتەوکردنی فۆنکسیونە رابەریەکان و حیزبیەت و پابەندبوون بە بریارەکانی حیزب و پەرەدان بە دەوری سیاسی و کۆمەلایەتی حیزب. لە بەندی سەبارەت بە ئەولەویەتە عەمەلیەکاندا پلنیۆم میحوەرە سەرەکیەکان و هەنگاوە عەمەلیەکانی سێ مانگی داهاتوی دەست نیشانکرد. پاشان بۆ هەلبژاردنی مەکتەبی سیاسی پلنیۆم بریاریدا ئارایشیکی ئەوتۆ بدا بەم ئۆرگانە رابەریە کە سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی و جیگری سکرتیر لە هەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بن و لەلایەن ئەم مەکتەبی سیاسیەوە رابەری سیاسیو عەمەلی بەردەوامی حیزب دابینبکریت. بەم پێیە ریبوار ئەحمەد وەکو سکرتیرو سامان کەریم وەکو جیگری سکرتیر بە تیکرای دەنگ هەلبژیردران، پاشان لە ئەنجامی دەنگدان بۆ هەلبژاردنی باقی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هاوریان "سمیر عادل، موئەیەد ئەحمەد، محمد عزیز، ئازاد ئەحمەد، سامی حسن" بە زۆرینەی دەنگ هەلبژیردران و بەم جۆرە مەکتەبیکی سیاسی حەوت کەسی هەلبژیردرا. پلنیۆم لەوە زیاتر نەپەرژایە سەر ئەودوای ئەو کارانەی کۆنگرە پێی سپاردبوو، بۆیە ئەودوای کارەکانی سپارد بە مەکتەبی سیاسی.

رۆژی دوای پلنیۆمی ٢٠ی کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی کۆبونەوەی خۆی بەست و بریاری لەسەر کۆمەلە کارو هەنگاویکی دەستبەجیدا لە جهەتی بردنە پیشی ئەولەویەتەکانی کۆنگرەو پلنیۆمدا. لەوانە دیاریکردنی شیوەی کاری مەکتەبی سیاسی وەکو ئۆرگانی رابەری و هەمیشە ئامادە بۆ رابەریکردنی هەمەلایەنەی حیزب، سەرلەنوێ پیکهینانەوەی مەکتەبی ریکسختنی حیزب بە شیوەی کاتی، بریاردان لەسەر کردنی بلاوکراوەی (الشيوعيه العماليه) بە بلاوکراوەیەکی مانگانەی ٨ لاپەرەیی کە چاپ و بلاودەکریتەوە، هەروەها چەند بریاری سیاسیو ریکخراوەییو عەمەلی تر لەوانە کۆبونەوەی بەردەوامی مەکتەبی سیاسی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**
**١٦-٢-٢٠٠٨**




